## له وه‌ڵام به‌ نامه‌یه‌كدا:
## سه‌باره‌ت به‌ ووتاری( ئیسلام ده‌بێ له‌قه‌فه‌سدا بیا تا ئازادی ره‌ها بێت)

دوای بلاوبوونه‌وه‌ی ووتاریكی من له‌م رۆژانه‌دا له‌ژیر ناوی( ئیسلام ده‌بێ له‌قه‌فه‌سدا بێت تا ئازادی ره‌ها بێت)، به‌ڕێز گۆڤار قادر نامه‌یه‌كی ئاراسته‌ی من كرد كه‌ هه‌ندێ تێبینی له‌خۆ گرتبوو، به‌و پێیه‌ی كه‌ گفتوگۆ و قسه‌كردن له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی ژن و ئیسلام وئیسلامی سیاسی وناسیۆنالیزم گرنگیه‌كی ئه‌وتۆی هه‌یه‌، به‌باشم زانی هه‌م نامه‌كه‌ی ئه‌و به‌ڕێزه‌ وهه‌م وه‌ڵامیك كه‌من به‌ نامه‌كه‌ی ئه‌وم داوه‌ته‌وه‌ بلاو بێته‌وه‌. ناسك ئه‌حمه‌د

## نامه‌ی گۆڤار ئه‌حمه‌د

سلاو مامۆستا گیان...

به‌ڕێز له‌دوای خوێندنه‌وه‌ی نوسینه‌كه‌ت به‌ناونیشانی"ئیسلام ده‌بێ له‌قه‌فه‌سدابێت تا ئازادی ڕه‌ها بێت". كه‌ له‌سایتی ده‌نگه‌كاندا بلاوكراوه‌ته‌وه‌، به‌پێویستم زانی ئه‌م چه‌ند دێڕانه‌ت ئاراسته‌ بكه‌م.

له‌ڕاستیشدا به‌خوێندنه‌وه‌ی نوسینه‌كه‌ت هه‌ستم كرد هێشتا هاوبیر و هاوڕێگه‌ی ئازادی خوازانی مرۆڤایه‌تی هه‌رماون و هیچ كاتێكیش كۆتاییان پێنایه‌. واتا نوسینه‌كه‌ت خستمیه‌ قولایی بیركردنه‌وه‌ و خۆم به‌خۆم وت زۆرن ئه‌و مرۆڤانه‌ی كه‌ له‌ڕاستینه‌ی ژیان تێگه‌یشتوون و زۆرن ئه‌و مرۆڤانه‌ی كه‌ كاریگه‌ری خورافات و ئه‌فسانه‌كیان بۆ شی بۆته‌وه‌ و، هه‌وڵ ده‌ده‌ن بۆ خه‌ڵكانی تریشی شی بكه‌نه‌وه‌.

به‌هه‌ر حاڵ خوشك و خانمی هێژاو خۆشه‌ویست ته‌نها لاوازییه‌ك نه‌بێ له‌نوسینه‌كه‌تدا، ئه‌گینا زۆر زۆر به‌هێزبوو، هیوادارم كاریگه‌ریه‌كه‌یشی به‌هێزتر بێ له‌سه‌ر خوێنه‌ران. بۆ لایه‌نه‌ لاوازه‌كه‌شی ئه‌و چه‌ند دێڕانه‌ت ده‌خه‌مه‌ به‌رچاو.

خانمی ڕۆشه‌نبیر ناسك احمد گیان: ئێمه‌ مانان هاوبیریین كه‌ ده‌وڵه‌ت، ئاین، نه‌ته‌وه‌ و كه‌لتوری باو گشتیان به‌مه‌به‌ستی ئۆرگانیزه‌كردنی ژیان و گوزه‌ران ده‌ركه‌وتوون و به‌كورتی گشتیان بۆ خزمه‌ت كردنی مرۆڤه‌كان ده‌ركه‌وتوون. واتا پێویسته‌ گشیتان له‌خزمه‌ت به‌رژه‌وه‌ندییه‌ مرۆییه‌كاندابن. وه‌لێ پێویسته‌ ئه‌وه‌ش له‌بیرنه‌كه‌ین كه‌ به‌تایبه‌ت له‌خۆرهه‌لاتی ناوین پێچه‌وانه‌ بۆته‌وه‌. واتا مرۆڤه‌كان خراونه‌ته‌ خزمه‌ت نه‌ته‌وه‌، ئاین، ده‌وڵه‌ته‌ و كه‌لتوری باوه‌وه‌. پێیویسته‌ ئه‌وه‌ش له‌بیرنه‌كه‌ین كه‌ ڕه‌وایه‌تی ئه‌و پێچه‌وانه‌كردنه‌وه‌یه‌ش زه‌مینه‌ی خۆی له‌ئاستی ڕۆشه‌نبیری و كۆمه‌لاته‌تی و فیكری كۆمه‌ڵگاكانه‌وه‌ وه‌رده‌گرێ. واتا مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر گێره‌ شێوێنان و چه‌واشه‌كاران به‌ڕێگه‌ی ئاین و به‌ڕێگه‌ی یاسا و ڕێساكانی ده‌وڵه‌تی ژێركاریگه‌ری ئاین و له‌ڕێگه‌ی بزاوتنی هه‌ستی نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌، یان له‌ڕێگه‌ی پابانه‌ند بوون به‌كه‌لتوری باوه‌وه‌ خه‌ڵكی پاساو ده‌ده‌ن. كه‌واته‌ لێره‌دا پێویست به‌گۆڕینی بنه‌ڕه‌تیانه‌ ده‌كا. واتا پێویست به‌گۆڕانی سیسته‌می په‌روه‌رده‌، پێویست به‌دیموكراتیزه‌كردنی ده‌سه‌لات، پێویست دیموكراتیزه‌كردنی سیاسه‌ت، پێویست به‌دیموكراتیزه‌كردنی خێزان، ئه‌نجام پێویست به‌ڕێنسانسێك ده‌كا. واتا ئاین و ده‌وڵه‌ت و نه‌ته‌وه‌ چه‌نده‌ ڕێگربن له‌به‌رده‌م ئه‌م گۆڕان و وه‌رچه‌رخانانه‌، ده‌ست نیشانكردنی ئالته‌رناتیفێك به‌گوێره‌ی هه‌رستكردن و وه‌رگرتنی هه‌مان كۆمه‌ڵگای ئاماژه‌ بۆكراوه‌وه‌ كارێكی سه‌خت تره‌.

واتا من مەبەستم ئەوەیە کە لەڕاستیشدا لەم حاڵەتەدا بەشێوازێکی کرداری سەختە بتوانیت ئاین لەمێشکی کەلەپوچەکاندا بێ کاریگەر بکەیت و سەختە چەمکی نەتەوە لەمێشکی کوردە بەناو ناسیۆنالستە کلاسیکەکاندا بێ کاریگەربکەیت.

جا ناسك خان مەبەستم ئەوەیە کە بەڕێزتان ئەگەر کەمێك نوسینەکەتان بەباڵای ژیانی ڕۆژانەدا بکێشایە پێم وایە لەبواری چەندایەتیەوە کاریگەری زیاتری بەسەر خوێنەراندا دادەنا. واتا نوسینەکەت کەمێك لەسەر بنەمای شیکردنەوەی نمونەی ژیانی ڕۆژانە و لەسەر هەمان ڕاستەڕێو ئاراستەبوایە، وەکوو کەس پێم وایە زۆر زۆر کاریگەرتر دەبوو، ئاراستەی ڕێگەی مۆنۆلۆگی هەڵەی کەسە ساویلەکەکانیشی دەگۆڕی.

دڵنیام ڕەخنەکانم لەسنگی فراوانی بەڕێزتاندا زۆر بەئاسانی جێگەی دەبێتەوە.

**گۆڤار احمد**/ ڕۆژنامەوان لەڕۆژ تیڤی

**۲۰۰۵/۲/۱۶ بەلجیکا**

## دۆستی بەرێز کاك گۆڤار

نامەکەتم بەدەست گەیشت، دەستەکانت خۆش بێت. خەمخۆری وبەتەنگەوەهاتنی بەڕێزت بۆمن جێگای تەقدیرو پێ زانینە، بێگومان رەخنە و سەرنجەکانی ئیوەم بە ئەوپەری سنگفراوانیەوە وەرگرت و سوپاستان ئەکەم بۆ تێبینیەکانت کە لەسەر بابەتەکەی من نووسیبووت.

من چەند سەرنجێکم سەبارەت بە لێکدانەوەو بۆچوونەکانی بەڕێزت هەیە، پێم خۆش بوو لە دووتوێ ئەم نامەیەدا بۆ بەڕێزتی بنووسم، ئومێدەوارم لێم قبووڵ بکەیت.

بەرێز:

ئایدۆلۆژیا و بیروباوەر دروستکراوی ئینسانە، خوا و دیانەتە جۆراوجۆرەکان بە دریژایی کۆمەلگای بەشەری ئینسان خۆی دروستی کردوون بۆ قەید وبەندکردنی خودی ئینسان، نەك بە پیچەوانەوە ئینسان دروستکراوی خوا بێت.

ئاین، نەتەوە و کەلتوری باو گشتیان بەمەبەستی کۆنترۆلکردن و سەرکووتی ئینسان و جەماوەری فراوانی خەلك بەرهەم هاتوون، ئەمانە نەك بۆ خزمەت کردنی مرۆڤەکان دەرکەوتوون، بەلکو بۆ جلەو کردنیان وقبوول کردنی دەسەلاتداریێتییەکی سەرووخۆیان پێیان، بۆ لەئەسارەتدا ڕاگرتنی کۆمەلگا هێنراون، دەسەلاتە یەك لەدوای یەکەکانی وولاتانی شەرق، لەمەلەکیەوە بۆ جمهوری هەموویان دەستیان گرتووە بەم میراتەوە وپەرەیان پێداوە. وەزارەتی ئەوقاف وشئونی دینی، تێکەلکردنی دین لەگەڵ خوێندن وپەروەردە، قانوونی ئەحوالی شەخسی وعقوبات، هەموو ئەمانە ئۆرگانی پایەیی ئەم دەسەلاتانە بوون و هەن. کێشەکە پەیوەندی نییە بەخراپ بەکارهینانی ئیسلامەوە، یان خراپ تەفسیرکردنی ئیسلامەوە، ئەمە پاساویکی باوو وکۆنی دیفاعکەرانی ئیسلامە بۆ بەرائەت وەرگرتنی ئیسلام لە دادگای ئینسانیەتدا، ئیسلام هەر ئەوەیە کە دەیبینین ولەلایەن ئیسلامی سیاسیەوە نۆینەرایەتی ئەکرێت، ئیسلام چەکی دەستی ئیسلامی سیاسی وچوارچیوەی تەفەکور و کاریەتی، بیگومان دەبێ جیاوازی بکریت لەگەڵ ئەو ژن وپیاوانەی کە پەیوەندیان بەئیسلامەوە ئەوەیە کە رۆژانە ۳جار ئەچنە بەردەم بەرماڵکانیان ونویژ دەکەن وخۆشیان لە مانای ئەو ئایەتانە تێناگەن کە دەیلێنەوە، لەگەڵ رەوتی ئیسلامی سیاسیدا، ئەمە دوو شتی لیك جوودان.

ئەگەر ڕادیکالیزمێك لە کۆمەلگادا بە درێژایی عومری ئەو دەسەلاتە ڕەشانە لەئارادا بووبێ. ئەوە خەباتی جەماوەری ئازادیخوازان بووە لەدژی ئەو قانوون ویاسا وفەرهەنگە، خەباتێکە کە سەدان ئینسانی تێکۆشەری لەسەر زیندان وئیعدام

کراوە. لەم وولاّتانەدا هەر هەولێك هەر تێکۆشانێك سنووری ئەو فەرهەنگە باوو وقانوونانەی بەزاندبێ کە بەڕەش لەسەر سپی پلەدوویی ژنی تێدا نووسراوە قەدەغەکراوە و خاوەنانی ئەو تێکۆشان وخەباتە لەژێر هەڕەشەی گوللە و پەتی سیدارەو زیندان و ژیانی ژێرزەمینی و هەرەشەدا بوون. پیاهەڵدانیش بە دەسەلاّتی مەلا و شەریعەت ناسیۆنالیزم وژن کوشتندا ئازاد بووە، تەنانەت زۆریك لەنووسەران و رۆشنبیران نان لەسەر ئەمە دەخۆن، ئەدەب و نووسین و قەلەمەکانیان دەفرۆشن.

من لەسەر ئەوبڕوایەم کە ئەگەر دەستی دین ودەستەوتاقمی چەقۆکێشی ئیسلامی، ئەگەر قانوونی پیاوسالاری ودنیایەك تەوق وکۆت وبەندی قانوونی، فەرهەنگی، کۆمەلاّیەتی، ئابووری، کە دەسەلاّتە ڕەنگاوڕەنگەکانی وولاّتانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست، لەپێناوی مانەوەی دەسەلاّتیاندا کردویانەتە گەردنی ژنان وتەواوی ئازادیخوازانی کۆمەلگا، لەسەر ژنان وکۆمەلگا کۆتا بکرێت، هەزاران ژنی وەك من دێنە سەر شانۆی خەبات وتێکۆشان وکۆمەلگا لە داهێنێك بەهرەمەند دەکەن، کەتا ئێستا ئەم کۆمەلگایانە بە خۆیانەوە نەدیوە. ئەم کۆمەلگایانە پڕاوپڕە لە بەهرەو داهێنان وعەزمەتی ئینسانی. بەلاّم دەسەلاّتەکانی کۆمەلگاکانی ڕۆژهەلاّت ، بەدینی وقەومیەوە، بەکوردو عەرەب وشیعەو سوونەیەوە دەسەلاّتی پاوانکردنی ئەم بەهرانەن، بۆئەوەی ئەم کۆمەلگایانە بچێتەوە سەر رێچکەی ئینسانی خۆی، دەبێ ئەم دەسەلاّتانەو پارێزەران وحوکمی مەلاو مزگەوت ونەتەوەپەرستیان بەسەر یەکدا بڕوخێنرێت.

سەربەخۆ لەسنوور وزمانەکان، ژیانی ژنانی وولاّتانی ڕۆژهەلاّت ودنیای عەرەب، بەگشتی لە وولاّتانێکدا کە بنەمای تەواوی قانوونەکان شەریعەتی ئیسلامە، گیرۆدەی دینی ئیسلام وقانوون وشەریعەتێکە کە بەزەبری چەقۆ وزیندان وئەشکەنجە وترس وتۆقاندن وتیرۆریزم بەرێوەی دەبەن. من ئەوە دەزانم کە بە ئاسانی بیروباوەڕی دینی وخورافە وکاریگەریەکانی لەسەر بیرکردنەوەی ئینسانەکان کە سەدان ساڵە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی خورافە دەیکات بە مێشکی ئینسانەکاندا وئیمکاناتی گەورە وزەبەلاحی تیا سەرف ئەکرێ، لاناچێ. ئەمرۆ، تەنانەت لە پێشکەوتووترین وولاّتانی دنیاشدا بیروباوەڕی دینی سەرئەنجام کاریگەری هەیە بەسەر بیرکردنەوەی بەشێك لە ئینسانەکاندا، تەنانەت سەرۆك کۆماری زۆریك لەو وولاّتانە دەلێن ئێمە عەقیدەمان بە فلان و فیسار دینە، بەلاّم هەر لەو وولاّتانە کە نموونەیان زۆرە دین لە یاسا و دەولەت جیاکراوەتەوە و بە زەبری قانوون ریگە نادرێ دین لەژیانی شەخسی و تایبەتی تاکەکاندا دەخالەت بکات، مەسیحیەت لە غەرب و لە ئەوروپا تەنها لە کلیسا و لە میشکی ئەو کەسانەدا مانا پەیدا ئەکات کە باوەریان پێیەتی، لەشەقامەکان لەشوینی کار لە ژیانی منداڵان وژناندا بە کورتی لە ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و شەخسی ئینسانەکاندا ناتوانی دەخالەت بکات، وکۆمەلگە پاریزراوە لەم رووەوە. سەردەمانیك مەسیحیەت لە جەرگەی ئەوروپادا تاوانی کەمتر لەئیسلامی بەرێنەخست بەلام بەشەرییەت توانی پەروباڵی بکات، بەداخەوە ئیسلام هێشتا بەم چارەنووسە نەگەیشتووە. قسەی من ئەوەیە کە دەبێ دین وشەریعەت لەسەر ژیانی خەلّك وەك قانوون، وەك گەورەترین کۆمپانیای وورۆگێژ کردنی ئینسان، وەك پەروەردەو خوێندن لەسەر قانوون وژیانی کۆمەلاّیەتی کۆمەلگا کۆتا بکرێت. ئەوەی کە هەر کەس چ بیروباوەڕێکی هەیە، دینی هەیە یان نیەتی، مەسیحیە یان یەزیدی یان ئیسلام ئەوە مەسەلەیەکی شەخسی خۆیەتی و دەبیت ئازاد بێت.

نەك تەنیا جەهەننەمیك کە بۆ ژنانیان دروستکردووە، بەلّکو هۆیەکی سەرەکی ئەوەی کە وولاّتانی شەرق لە پەراوێزی دنیای پێشکەوتووی ئەمرۆدا راگیراون کاریگەری ودەوری دین وقانوونەکانی شەریعەتە بەسەر ژیانی کۆمەلگەوە، وە ئەمەش لەپێش ئیسلامی سیاسیەوە ناسیۆنالیزم و دەسەلاّتە قەومی و عەشیرەتییەکان بە توندی دیفاعی لێئەکەن، وە ئیسلام ودین پایەیەکی سەرەکیە لە پێکهاتەی ناسیۆنالیزم لەم وولاّتانە. مەسەلەی ژنان لەم

کۆمەڵگەیانەدا مەسەلەی ژنان نیە بە تەنها بەڵکو مەسەلەی تەواوی کۆمەڵگەیەو بەچارەنووسی کۆمەڵگەوە گرێی خواردووە. لەکۆمەڵگەیەکدا ژن لەسەر نامووس بەشێوەیەکی قانوونی کوشتنی حەلاڵ بێت، لەکۆمەڵگەیەکدا ژنان ئینسانی پلەدوو بن، لەکۆمەڵگەیەکدا ئازادی جلوبەرگ پۆشین وسەفەرو تەلاق ... قەدەغە بێت، ئازادی سیاسی، ئازادی بیرکردنەوەو عەقیدەو قەڵەم لە ژێر چەقۆدایە، مۆدیرنیزم مانای نییە، لەیەك ووشەدا ئینسان زیندانییە و ئازادیخوازی قاچاخە.

سەرنجام منیش باوەرم وایە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و یەکسانی تەواوی ئینسانەکان لەو کۆمەڵگایانەدا پێویست بە ئاڵوگۆریکی ریشەیی ئەکات، ریفۆرم لە نیۆ ئەم دەسەڵاتانەدا یان سەرووکەللە چاککردنی ئەم دەسەڵاتانەی کە هەن و چاکسسازی تیایاندا وەك دانی حەبی ئازار وایە بەکەسیك کە ددانی رزیبێت و پێویست بە هەڵکیشان بکات. بەڵام ئالووگۆری ریشەیی لە نەزەری منەوە دیموکراتیزەکردنی ئەم دەسەڵاتانەو ئۆرگانەکانی نیە، بەڵکو لابردنی ئەم دەسەڵاتانە و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانی سۆسیالیستییە لە جێگایان.

بابەتەکەی من لە ژێر ناوی ( ئیسلام دەبێ لە قەفەسدا بیت تا ئازادی رەها بێت) ڕیپۆرتاژێك نیە لە سەر ژیانی ژنانی وولاتێکی دیاریکراوی ڕۆژهەلات، تا نموونە وئامار وبەروار بهێنمەوە وژیانی رۆژانە باس بکەم، ئەوە ڕەنگە بکرێت لە بابەتێکی تەحقیقاتیدا زۆرتر جێگای ببێتەوەو ئێمەش بەدرێژایی چەندین ساڵ لەعێراق وکوردستاندا وەك ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ئەو کارەمان کردووەو، دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە نووسین لەسەر ژیانی رۆژانە و ئامارهێنانەوە کاری ئەمرۆشمان نییە و بە کاریکی کەم گرنگ چاوی لێبکەم، شەخسی من چەندین قسەوباس و ووتار و سمینارم کردووە کە پرن لە فاکت و نموونەی زیندوو لەسەر رۆشنکردنەوەی هەلومەرج وشێوەی ژیانی ژنان.

لە کۆتاییدا ئەمەویت بلیم کە رەخنەکانی تۆ رەنگە زۆریکی تریش لە بەریزانێك کە نووسراوەکەی من دەخوێننەوە هەیانبیت، بۆیە پیم باشە ئەم گفتوگۆیەی من وئیوە تەنها لە نێوانی ئیمەدا نەمێنیتەوە، بچیتە بەردەم خوێنەرانی تریش، بەجیا لەمە من بە گرنگی ئەزانم کە قسەوباس کردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەم مەسەلانە لەئاستیکی فراواندا ببریتە پێشەوە، بەم دوو هۆیەوە ئەگەر ئێوەش رازیتان لەسەر بێت ، پێم باشە هەم نامەکەی تۆ بۆ من، هەم ئەم وەڵامەی من بلاوبکریتەوە.

لەگەڵ ڕێز وتەقدیری دووبارەم بۆ ئیوەی بەرێز

**ناسك ئەحمەد    ٢٠٠٥/٢/١٦**